# نووسین وەك كردارێكی سەخیف

## لەبەر رۆشنایی رەوشی رۆشنبیری ئێستای كوردستاندا

## نووسین لەسەر نووسین


## یار عەلی


**پێشەكی:**

**نووسینی ئەو بابەتە زیاتر بۆ ئەوەیە خوێندنەوەیەكی تایبەت و ئازادانە لە دیدی خۆمانەوە سەبارەت بە رەوشـی ئێـستای راگەیاندن و رۆشنبیری كوردی پێشكەش بكەین، سەرەتاش ئەبێت ئەوە بڵێم باسكردنی رەوشی ئێستا كە گووتارەكـانی سیاسەت و دین ئەوەندە زاڵن بەسەر رۆشنبیریدا، زەحمەتە ئێمە بتوانین باس لـە رۆشـنبیرییەك بكـەین تـوانیبێتی لـەو گووتارانـەوە ئـازاد بێت یـان بەلایـەنی كەمییـــــەوە ململانێیەكی فكری لەگەڵ ئەو گووتارانە دروسـت كردبێـت. ئـەوەی دیـارە وەك ئەنجامێك گووتاری رۆشنبیری تەسلیم بە گووتـاری دینـی و سیاسـی بـووە و لێرەشـدا هـەوڵ دەدەین پـتر باسـی**



**شێوازی تەسلیمبوونەكە و ئەگەر و هۆكارەكانی بكەین و ئەو هێزانە دەست نیشان بكەین، كـە كـۆنترۆڵی رۆشـنبیریان كردووە، دوای ئەوەش باس لە رۆشنبیر بكەین وەك كاراكتەرێك لە ناو ئەو فەوزا و هەرایەی لە راگەیاندن و رۆشـنبیری كوردیدا هەیە.**

# گووتارەکان لە نێوان شەڕ و ململانێدا.



دوای راپەڕین سێ گووتاری سەرەکی رۆڵ و کاریگەریی خۆیان نیشانداوە، یەکەمیان گووتاری سیاسی، دووەمیان گووتاری دینی، سێیەمیشیان گوورتای رۆشنبیری.

دیارە دوای راپەڕین، گووتاری سیاسی کە زیاتر گووتاری حزبە کوردییەکانە، توانی بە شێوەیەکی خێرا و فراوان کۆنترۆڵی گووتاری رۆشنبیری کوردی بکات، لە رێی کەناڵە جیاجیاکانی وەك رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و کۆڤار و بلاوکراوە جۆربەجۆرەکانەوە، ئەتۆمۆسفێرێك دروست بکات کە هەموو شتێك بۆنی سیاسەتی لێبێت، لە سیاسەتەکەشدا بۆنی حزب و پارت و گروپە جیاوازەکان کۆنترۆڵی ئەو گووتارە بکات، سیاسەت و حزب بوونە پێکهاتەیەکی ئاوێتەبوو بەشێوەیەك کە سیاسەت لە کوردستاندا لە فۆرمی حزب کورت کرایەوە، حزب بووە دارێژەری گووتاری سیاسی، بێ گومانیش حزبەکان بە گوێرەی جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان بروایان بەو گووتارەسیاسییە ئەدا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن. گووتاری سیاسی لە کوردستاندا، ئامانجی سەرەکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حزبەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش حزبەکان جۆرە ئەخلاقێکیان دروست کرد، بۆ ئەوەی لە رێی ئەم ئەخلاقەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و بەرنامە و سیاسەتی خۆشیان وەك هەقیقەت و مانا و دوا تێگەیشتنی سیاسییانە بە خەڵکی نیشان بدەن.

حزبەکانی کوردستان، سەرباری جیاوازیشییان بەلام لە جەوهەردا هەمان ئەو فۆڕ م ناوەڕۆکەیان هەیە ، کە هەوڵی بەردەوامییان لە دروستکردنی ئەخلاقدا لە هەموو ئەو ماوەیەدا بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستەش دەزگەکانی راگەیاندن و وەزارەتی رۆشنبیری و کۆمەڵە و رێکخراوە جیاوازەکان، هەر هەموویان خاوەنی ئەو ماهییەتەن، کە لەدواجاردا لە بن کۆنترۆڵی ئەو ئەخلاق و بەهایەی حزبەکان دروستیانکردووە، ئەوانیش لە رێی کار و چالاکییەکانی خۆیانەوە هەمان ئەو بەهایانە بەرهەمبهێننەوە و ئاراستەی کۆمەڵگەی بکەنەوە.

گووتاری سیاسی، ئەو گووتارەیە کە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بە گوێرەی بەرژەوەندییە زۆر تایبەتییەکانی خۆیان دایانهێناوە و رێکخەری ئەو جۆرە ئەخلاقەشە کە لە سوودی ئەو بەرژەوەندی و گووتارانەدایە.

گووتاری سیاسی خاوەن پێوەری تایبەتی خۆیەتی بۆ باشی و خراپی ، جوانی و ناشیرینی ، هەقیقەت و وەهم ، بەرژەوەندی میللەت زەرەری میللەت و فەلسەفەی ژیانکردن بە ئاسوودەیی و سەربەرزی.

گووتاری حزب، فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگەیە بە پێوەرەکانی حزب خۆی. جوانییەکانی حزب جوانی ژیان و کۆمەڵگەن. بەرژەوەندی حزب بەرژەوەندی کۆمەڵگە و ژیانە بە فراوانی و جیاوازییەکانی.

گووتاری سیاسی ئەوەندەی پێبکرێت جیاوازییەکان ئەکوژێت و هەمووما بە رەنگ و دەنگی جیاوازەوە ئەخاتە ناو فۆرمێکەوە کە لەوێدا ببینە کۆپی یەکتری. بەرژەوەندی حزب لە کۆپیکردن و وێنەلەبەرگرتنەوەی یەکدییە، بەخشینی یەك رەنگە بە هەمووما، دروستکردنی ئەتۆمۆسفێرێکە بۆ ئەوەی هەمووما وەك یەك بیر بکەینەوە و هەمووشمان یەك

بەرژەوەندی و یەك شێوازی کارکردن و هزرکردنمان هەبێت، لە سەرو چاوی یەکدیدا وێنەی خۆمان ببینینەوە. ئاوێنەی یەکتری بین و لەسەر هەموو مەسەلەکان کۆك و تەبا بین.

گووتاری دینی: ئەم گووتارە کە ئیسلام بە شێوەیەکی زەق نوێنەریەتی، زۆربەی هێز و وزەی خۆی لە خودا و قورئـان و شەریعەت و فکری ئیسلامیدا ئەبینێتەوە. گووتاری دینی گوتاری ئەو هێـزە ئیـسلامییانەیە کـە چ لـە کایـەی سیاسـەتدا راستەوخۆ کاردەکەن و کۆمەڵیٚ دەزگەی وەك حزب و سەنتەر و کۆمەڵە و دەزگەکانی راگەیانـدنیان لەبەردەسـتدایە، یان لە رێی خەباتی پەرلەمانی و حزبی و رێکخراوە مەدەنییەکان و رۆشنبیرییەکانەوە کار ئەکەن. ئـەوانیش راسـتەوخۆ دروستکەری جۆرە ئەخلاق و بەهایێکی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فەرهـەنگین کـە تیایـدا بـە پلـەی یەکەم بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پیٚ دەپارێزن.
گووتاری دینی کە راستەوخۆ لە لایەن هێزە حزبییەکان و سیاسییەکان بەرهەم دەهێنرێت و ناراسـتەوخۆش لـە کۆمـەڵیٚ کەناڵی دیکەدا وەك وەزارەتی ئەوقاف و مزگەوت و خوێندنگەکانی قورئان و مـەلا و مامۆسـتایانی زانکـۆ و کۆمەڵـدا بەرهەم دەهێنرێت. ئەویش دیسانەوە گووتارێکە بە پلە یەك بەرژەوەندی ئەو هێز و گروپانە دەپارێزێت کـە ئیـسلام وەك ئەلتەرناتیف بۆ تەواوی هزری مرۆڤایەتی دەبیننەوە.
بە ئەلتەرناتیف بوونی ئیسلام بۆ تەواوی هزری مرۆڤایەتی و فەلسەفە و رێبازەکانی بیرکردنەوە و روانینـە جیاوازەکـان، دروستکردنی بەرژەوەندییەکە بۆ هەمووانێك کە وەك یەك بـیر لـە ئیـسلام و قورئـان و خـودا و پێغەمبـەر و شـەرع و بەرژەوەندی و میللەت و کۆمەڵگە بکەنەوە. ئیسلام بە تاکە رێگەی سەرفرازی و ئازادی مرۆڤ دەبینن و هەر هزرێـك لـە دەرەوەی فۆڕمی ئیسلامدا بێت رەت دەکرێتەوە و جێگەی بایەخ نیە.
ئیسلام ئەورۆ ئەو هێزەیە کە دەتوانێت گووتاری خۆی بە ئاشکرا و بیٚ پێچ و پەنا بلاْوبکاتـەوە و بـە ئاشـکراش هێـرش بکاتە سەر هەر گووتارێکی دیکە کە گەف لە بەرژەوەندییەکانی بکـات. دیـارە گووتـاری دینـی پـشتگیری گووتـاری سیاسەتی بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە پشتە. زۆربەی دەزگە تەقلیدییەکانی وەك مزگەوت و تەکیە و خانەقا و دیـوانی پیاوە دینییەکان و عەشیرەت و هێزی خێڵ و کەناڵەکانی راگەیاندن و تەواوی ئەو دەزگەیانەی هەیە کـە لـە کەشـێکی ئیسلامیدا بیر دەکەنەوە و فکر دروست ئەکەن. هەروەها پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیش دیـسانەوە بالاْدەسـتن لـە دروستکردنی ئەو کەشە ئیسلامییە بۆ بیرکردنەوە.کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەتۆمۆسفێرێکی ئیسلامیدا دەژیەت و بەهاکانی ئیسلامیش بە شێوەیەکی بەربلاْو سەر دەکەن بە هەموو کون و کوژبنێکدا.



گووتاری رۆشنبیریش کە پێویستە زوو ئەوە بڵێین بەشێکی گـەورەی زادەی گووتـاری سیاسی و دینییە، تا ئێستا نەیتوانیوە ئەویش بەشدارنەبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو کەشـە ئیسلامییەدا بۆ پەروەردە و ژیانکردنی تاکی کورد.
گووتاری رۆشنبیری کە خۆی لەبەردەم کۆمەڵـە ئاسـتەنگ و گرفتێکـدا دەبینێتـەوە، ناتوانێت کەشێك خەڵق بکـات کـە تێیـدا کەسـی رۆشـنبیر یـان نووسـەر بتوانێـت ململانێیەکی فکری لەگەڵ هەردووگووتاری سیاسەت و دین بکـات، بـە پێـچەوانەوە رۆشنبیران خۆیان کەشێکی وەها سیاسی و دینییان خوڵقاند کـە دواجـار گووتـاری رۆشنبیریش بیٚ ئەو کەشە نەتوانێت هەناسە بدات. بەوەی ژمارەیەکی زۆری رۆشـنبیران کەوتنـە خزمـەت دەزگـەکانی

راگەیاندنی حزبەکان و پروپاگەندە کردن بۆ ئەو لا و ئەم لا. حزبەکانیش کۆمەڵێ دەزگەی راگەیاندنی وەك رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و بلاوکراوە و سایت و دەزگەی وەك هونەرمەندان و نووسەران و شانۆکاران و کاری سینەمایی و رۆشنبیری جۆراوجۆریان خوڵقاند کە درێژە پێدەری گووتارە سیاسییەکان و بیرکردنەوەی ئیسلامییانە بێت.
بەشێکی گەورەی گووتاری رۆشنبیری بە هەناسەی سیاسییانەوە خۆی نووسییەوە و تا ئێستاش ئەو هەناسەیە بەسەر بەشێکی گەورەی ئەو گووتارەدا زاڵە.
بەشێکی دیکەی گووتاری رۆشنبیریش کە بە ناو یان رووکەش خۆی وەك بێلایەنێك یان سەربەخۆ نیشان ئەدات، دیسانەوە ئەو بەشەشە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە بن کاریگەریی گووتاری سیاسی و دینیدا کار ئەکات، ئەو بەشەش لە کەشی گشتی حزبی و بیرکردنەوەی ئیسلامییانەدا درێژە بە گووتارێك ئەدات، کە وەك دین و سیاسەت دەستی هەیە لە دروستکردنی  توندو تیژیی پەروەردەیی و نەمانی متمانەی خەڵك بە رۆشنبیر و نووسەران و قسەی رۆژنامەو گۆڤار و راگەیاندنەکان بە گشتی.

# رۆشنبیری کوردی لە نێوان رۆشنبیری حزب و دین و دەستەبژێردا.

دیارە حزب توانی زۆربەی رۆشنبیرەکان لەرێی کەناڵەکانی خۆیەوە بیات و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاریان بێنێت و بینە بەشێك لە ماکینەیەکی گەورەی راگەیاندنی حزب و گووتارە سیاسییەکانیان پێ جوان و پۆشتە بکەن. هەروەها دیسانەوە کۆمەڵێ بەرژەوەندی بۆ ئەو رۆشنبیرانە دروست بکەن کە ئیدی رۆشنبیر نەتوانێ جارێکی دی بیر لەوە بکاتەوە لە دەرەوەی فۆرمی رۆشنبیری حزبی بیربکاتەوە، ئەم مۆدیلە گوازرایەوە بۆ ناوخودی ئەو سەنتەر و دەزگەیانەی کە ناراستەوخۆش سەر بە حزبەکانن وەك هونەرمەندان و نووسەران و هتد.، لە ناو ئەو دەزگەیانەشدا کۆمەڵە رۆشنبیران رۆشنبیریان کردە وەزیفە و کارێکی رەسمی بەرامبەر بە مووچە و کۆمەڵێ ئیمتیازات و نەسریە و بودجە. لەبەرامبەریشدا رۆشنبیر دەبویاە لەو دەزگەیانەدا کە بوونەتە دەزگەیەك جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەزگەرەسمییەکانی دیکەی حکومەت و حزب نەبێت، دەبوایە رۆشنبیر بەرهەمێك دروست بکات کە بەهاکانی ئەو بەرهەمەکۆپی ئەو بەهایانە بێت کە حزب رەسمییان دەکێشێت، ئیدی لەناو دەزگەکانیشدا بەرێوەبەر و کەسەکانی سەردەستەی ئەو دەزگەیانە کە بە کرداری هەڵبژاردنێکی سەیر و سەمەرەوە دێنە سەر ئەو پۆستانە و دوایش بە شارەزایی بوونیان لە کردەکانی هەڵبژاردن و دەنگ کڕین و کەسبکردندا ئەبنە وەستای باش و زیرەك ئەتوانن بە جۆرەها شێوە درێژە بەمانەوەیان خۆیان بدەن لەسەر کورسییەکانیان. کادیرەکانی دیکە لای خۆیان ئەکەنە موەزەفی بچووکتر و ئەو ئەخلاقانەیان بەسەر دا ئەسەپێنن کە لە خزمەت بەرژەوەندی ئەوان دایە.
ئەوەی لێرەدا رۆشنبیری حزبی و نا حزبی کۆدەکاتەوە یەك کردارە کە ئەویش نووسینە، نووسین لەناو ئەو کەشەدا کەشی حزب و دین و بە تایبەتی ئیسلامدا،وایلێهاتووە بەرژەوەندی هەر گووتارێك لەو گووتارانە و کاریەری ئەو گووتارانە بریار لەسەر جوانی و ناشیرینی و باشی و خراپی و هەقیقەت و بەرژەوەندی نووسینەکان بدات،

نووسین وەك کردارێکی خەلاق و داهێنەر و کاری فکر و بیرکردنەوەی رۆشنبیر بۆتە کردارێکی ئەوەندە سەخت و ئاڵۆز بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت هەڵویست و هەڵبژاردنەکانی خۆی وەك خۆی دەستنیشان بکات.



**تەشەنەکردن و باڵکێشانی سیاسەت و دین بەسەر رۆشنبیری کوردیدا و دەسەڵاتی کەمی ئەو دەستەبژارەیەی لە دەرەوەی حزب و دیندا کاری نووسین دەکات، پێوەر و پێوانەکانی هەر یەك لەم کایەیانەش ئاڵۆزییەکی قوڵییان بۆ کردەی نووسین خوڵقاندووە.**

**ئاڵۆزییەکان لەو پێوەرانەوە سەر هەڵئەدەن کە ئەو کایەیانە بەرهەمی دێنن، گووتاری دینی کە گووتارێکە هەموو فکر و میتۆد و بیرکردنەوەیەکی لە دەرەوەی ئیسلامدا رەتکردۆتەوە و تەنیا ئیسلام وەك فکری ئەڵتەرناتیف بۆ بیرەکانی دیکە ئەبینێتەوە و بە تاکە رێبازی هەقیقەتی دەبینێتەوە بۆ ژیانکردن و نووسینیش ئەبێت لە خزمەت ئەم مەسەلانەدا بێت کە ئیسلام باوەڕی پێ هەن. واتە ئیسلام ئەو فۆڕمەیە کە جەوهەری هەقیقەت و راستی کۆتایی لە لایەو پێویستیشە نووسین لە خزمەت ئەو بیرۆکەیە دا بێت. باسکردنی ئیسلام لە دیدێکی رەخنەگرانەوە یان رەخنەکردنی قورئان و پێغەمبەر و رەمزە دینییەکان کوفرە و لە رێ لادان و سووکایەتیکردنە بە موقەدەس و پیرۆزییەکانی ئیسلام، بۆیە نابێت کەس سووکایەتی بە ئیسلام و رەمزەکانییەوە بکات، رەخنە گرتن لە دین و ئیسلام ، نووسینێکە کوفر و حەرام و دەستلێدانی موقەدەسە بە مانایەکی وێرانکار و خراپەکار و لە رێ لادەر. نموونەش بۆ ئەم قسانەم هەموو ئەو کتێبانەن کە بە شێوەیەك لە شێوەکان رەخنەیان لە ئیسلام گرتووە و بە جۆرەها شێوە لەلایەن هێزە ئیسلامییەکان و مرۆڤە دیندارەکان لە مەلا و مامۆستای زانکۆ و سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە سووکایەتی بەوکەسانەوە کراوە کە بابەتی لەوجۆرەیان نووسیوە، بە باتی خراپ و سەخیف و سووکایەتیکردن بە ئیسلامەوە تاوانبارکراون.داواش کراوەکە ئەم بەرهەمانە بسووتێنرێن و رێگەی بڵاوبوونەوەو بە چاپ گەیاندن و پەخشکردنییان لێ بگیرێت و نەکەونە بەرچاوی خەڵکی تا نەخوێنرێنەوە. ئیدی ئەوهێزە سەلەفییەی لەناوحزبە ئیسلامییەکان و کوردیەکان و ناو پەرلەمان و زانکۆ و دەزگەکانی نووسەران و رۆشنبیران بە گشتی هەیە، هێزێکە مەست بە نەخوێندنەوەو مانەوە دوور لەو کتێب و نووسینانەی رەخنە لە دین و ئیسلام و بیرکردنەوەی ئیسلامییانە، بە کورتی ئەوانە هێزێکن نووسین لەسەر دین و لە دەرەوەی مەجامەلە و ستایشکردنی ئیسلامدا بە کوفر و خراپە دەبیننەوە و بۆیە ستایشی نەخوێندنەوە و جەهالەتێك دەکەن بە کۆکردنەوەی کتێب لە بازاڕەکان و سووتانی بەرهەمەکان و کوشتن و لەناوبردنی نووسەرەکانیش دەکەن.**
**پێوەری هێزی گووتاری دینی لەدەروەی ستایشی دینی هەموو نوسینێك بە کوفر و سووکایەتیکردن دەبینێتەوە.وکردەی نووسین نابێتە بەشێك لە "سەقافەت" بەڵکو دەبێتە بەشێك لە"سەخافەت". بۆیەشە سەرکردایەتی سیاسی کورد ناهێڵێت و قبوڵ ناکات کەس لە رێی نووسینەوە سووکایەتی بە ئیسلام بکات.**

**گووتاری سیاسیش بە هەمان مۆدیلی دینی پێوەری خۆی هەیە بۆ ئەو نووسینانەی وەك رەخنە لە دەسەڵات و کارەکانی دەگیرێت. ئەویش رەخنەیدابەش کردۆتە سەر دوو جۆر: یەکەمیان بنیاتنەر و دووەمیشیان رووخێنەر. بە ئاشکراش لە وتەکانی سیاسییەکاندا ئەوە دیارە کە ئەوان رەخنەی بنیاتنەرییان قبوڵە و رەخنەی روخێنەریان قبوڵ نیە،پێوەری ئەوەی چ رەخنەیەك بنیاتنەر و چ رەخنەیەك رووخێنەرە، ئەوە هەر لە لای دەسەڵات خۆیەتی و ئەو بڕیار لەسەر ئەوە دەدات چ رەخنەیەك باشە و چ رەخنەیەك خراپە، دیاریش پێوەری دەسەڵات یان سیاسەت بۆ قبوڵکردن و رەتکردنەوەی رەخنە**

بەژەوەندییەکانی خۆیەتی، ئەگەر نا شتێکی دیکە نیە بیکاتە پێوەر. وەك چۆن لە دینیشدا تەنیا بەرژەوەندییەکان پێوەری ئەوەن نووسین ببێتە سەقافەت یان سەخافەت.لە گووتاری سیاسیشدا گەف نەکردن لە سەرکردەو سیاسەتەکانییان و ئەو هێل و نەخشانەی بۆ میللەتیان کێشاوە و قسە نەکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان پێوەرێکن بۆ باشی نووسین و بەشداریکردنیان لە هێنانەدی ئاواتەکانی گەل و وڵات.

ئیدی مەسەلەکانی نیشتمانپەروەریی و پیرۆزییەکانی میللەت و پیرۆزییەکانی حزب و رەمزە موقەدەسەکانی ئەو خاڵانەن ناکرێت رەخنەیان لێبگیرێت و بەرژەوەندییەکانی حزب و سیاسەت بخرێنە مەترسییەوە.

لە گووتاری رۆشنبیریدا کە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا کە بەشێکی گەورەی ئەو گووتارە راستەوخۆ لە بن کاریگەریی دین و سیاسەتدایە و وەك پاشکۆیەك بۆ ئەو گووتارانە خۆیان ئەنوێنن. واتە لە هەقیقەتدا گووتاری رۆشنبیرییەك نین کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەبێت دوور لە دەسەڵاتی گووتاری دینی و سیاسیدا، بەڵکو لەگەڵ ئەواندا تێکەڵاو و ئاوێتەن. بەشەکەی تری گووتاری رۆشنبیریش کە بەشێکە خۆی بێلایەن و سەربەخۆ نیشان ئەدات، دیسانیش ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆمەڵێ پێوەری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی نووسین و رەخنە و رۆشنبیریوون و رۆشنبیری پێ پێناسە بکەن ووەك هەقیقەتێك پێشبەری بکەن. پێوەری رۆشنبیری بۆ کردەی نووسین کە زیاتر پەیوەندە بەو نووسینەوە، لێرەدا کەمێك بە درێژتر قسەی لەسەر ئەکەین.

## نووسین لە رۆشنبیریدا:



کردەی نووسین، دوور لەو فەوزایەی کە گووتاری دینی و سیاسی دروستیانکردووە و بەرهەمی فکری ئەکەنە کوفر و رووخاندن، لە رۆشنبیریشدا هەمان هەقیقەت هەیە بەوەی نووسین ئەگەر بەرژەوەندییەکانی دەستەی گۆڤارێك یان سایتێك یان نووسەرێك یان کتابێك نە پارێزێت ئەوە رووبەرووی جۆرەها تاوان ئەبێتەوە. جۆرەها تاوان کە بە کەمترین مەسرەفی هزری ئەتوانین دروستیان بکەین.

تاوانبارکردنی نووسەران بۆ یەکەدی بە کوفر و جەهل و نەزانین و کاڵفامی و تێنەگەیشتن و نەخوێندەوار و کورتەباڵا و جۆرەها ناو ناتۆرەی تر. دەربڕی ئەو رەوشەیە کە رۆشنبیری کوردی تێدا دەژی، دەربڕی ئەو رەوشە رۆشنبیرییە کە رۆشنبیری کورد و سیاسی کورد و پیاوەدینییەکانی دروستیانکردوە، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە گووتاری دینی و سیاسی و پێوەرەکانیانەوە گووترا، ئەوە ئەتوانین بەهەمان شێوە لەسەر ئەو بەشە رۆشنبیرییەش بگووترێت کە رۆشنبیرییەك بەرهەم دێنێت لە جەوهەردا جیاوازی لەگەڵ گووتاری دینی و سیاسیدا نیە.

رەخنەی ئەدەبی وەك دەروازەیەك بۆ چوونە ناو پێوەرەکانی رۆشنبیرانی کورد لەکردەی نووسیندا و وەك دەریچەیەك بۆ ناسینەوەی ئومێدەکانی رۆشنبیری کورد لە نووسیندا.دەرفەتێکی باشمان ئەداتێ بۆ ئەوەی لەوێوە رۆشنبیری کورد بناسینەوە کە تا چەند ئەتوانێت قبوڵی رەخنە گرتن و ئەویدیکەی نووسەر یان رۆشنبیر بکات و پێوەرەکانی لە خزمەت ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونی خەونێك بێت کە نووسین وەك کردەیەکی داهێنەر و خەلاق و کاری فکری ببینێت، نەوەك وەك کارێکی خراپ و کوفر و شکاندن و سەخیف تەماشای بکات.

ئەو نووسینانەی ناتوانن بەرژەوەندییەکانی دەستەیەک لە رۆژنامەیەک یان سایتێک یان گۆڤارێک یان هەر بڵاوکراوەیەکی دیکە دابین بکەن و بپارێزن، تووشی رووبەڕووبوونەوەیەک دەبن، کە پێش هەموو شتێک رووبەڕووبوونەوەکە فکری نیە، رەنگە بابەتەکە رێی لێبگیرێت بڵاو نەکرێتەوە، رەنگە نووسەرەکە تووشی تانە و تەشەری جۆراوجۆر بکرێتەوە، رەنگە ئەگەر دەسەڵاتی ئەو بڵاوکراوەیە بڕوات بیداتە دەست دەزگەیەکی ئەمنی یان حزبی و یان داوای ئەوە بکات گووتاری سیاسی لێپێچنەوەی لەگەڵ بکات، یان هەر چ نەبێت لە ناو دەزگە رۆشنبیرییەکەی ئەودا نیشانەیەکی لەسەر دابنرێت و بە سیفەتێک کە لە دژی بەرژەوەندی ئەواندایە بناسرێتەوە و رێگەی لێبگیرێت. ئەو دەزگەیە کە ململانێی ئەو نووسەرە دەکات ململانێیەکەی ئەبێتە ململانێیەکی سیاسی یان حزبی یان کەسایەتی کە پەیوەندی بە فکرەوە وەنەبێت، ململانێیەک کە نووسین ئەکاتە هەر شتێک و نایکاتە کاری فکر و داهێنانی هزری. زۆرن ئەو دەزگە و بڵاوکراوانەی لەسەر ئەجێندایەکی سیاسی یان دینی ئیش ئەکەن و ناتوانن ببنە مینبەرێک بۆ رۆشنبیری. ناتوانن ببنە سەکۆیەک لەوێ رۆشنبیران ململانێی رۆشنبیری و مەعریفی و فکری بکەن، بە پێچەوانەوە هەر ململانێیەکیش لەوێ رووبدات زیاتر ئەبێتە ململانێیەکی سیاسییانە یان خێڵەکییانە یان کەسایەتییانە.کە هەر رۆشنبیرە و ئەویدی وەک رۆشنبیر نایبینێت بەڵکو وەک دوژمنێک و خراپەکارێک دەیبینێت.

مەسەلەکان لە هەر سێ گووتاردا بەرژەوەندی کۆیان دەکاتەوە، بەرژەوەندی رۆشنبیریش لە هزر و مەعریفەدا نیە، چونکە هزر و مەعریفە راستەوخۆ کار لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵییەکانی سیاسەت و دین دەکات، لە هەمان کاتیشدا کار لەسەر گەندەڵییەکانی رۆشنبیریش دەکات، کار کردن لەسەر گەندەڵی دینی و سیاسی و رۆشنبیری، بە پێوەری ئەو سێ کایەیە نووسین ئەکاتە سووکایەتیکردن و سەخافەت.

پێوەری نووسین کە لە دەرەوەی کردەی نووسین خۆیەوە دێت، واتە پێش ئەوەی نووسین بخوڵقێت پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی نووسین حازر و ئامادەن. تا ئێستا نووسین لە لای ئێمە بێ پێوەری پێش وەختە و حازر نەخوێندراوەتەوە. ئەمەیان رەنگە زیاتر لە کایەتی رۆشنبیریدا جێگەی راوەستان و سەرسوڕمانیش بێت، لەهەمان کاتیشدا تەعبیر لەو دۆخە چەقبەستووەی نووسین و هەڵسەنگاندن بکات، بەوەی تێکست خۆی نابێتەخوڵقێنەری پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی خودی تێکستەکە، بەڵکو پێوەرەکان پێش لە دایکبوونی تێکستەوە خوڵقاون و وەک پێوەری پیرۆز و دەست لێنەدراو سەودایان لەگەڵ ئەکرێت، هۆکارەکەشی دیسان من ئەیگەڕێنمەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی رۆشنبیری کورد لە دەرەوەی نووسینی کوردی، بەواتەی ئەوەی هەبوونی پێوەر و بۆ هەڵسەنگاندنی تێکست پێش خوڵقاندنی تێکست رێک تەعبیر لەو بەرژەوەندییانە ئەکات کە رۆشنبیری کورد چاوەڕێەتی لەهەر تێکستێک. بۆیە کە بەکاربردنی پێوەرەکانی خوێندنەوە لە راڤە و تەئویلدا یان هەر رەخنەیەکی کلاسیک و نوێدا، بە پلەی یەکەم ئەو پێوەرە مژدەی بەدیهێنان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رۆشنبیری کوردی پێیە. نەوەک خوێندنەوەیەک بێت لە هەناوی ئەو تێکستەوە بخوڵقێت، واتە تێکستەکە خۆی پێوەری هەڵسەنگاندنی خۆیشی خەڵق بکات.

فۆڕمی رەخنەی کوردی ئەورۆ نیشاندەری ئەو راستییەن، کە راڤە ، یان تەئویل ئەو پێوەرەیە بەرژەوەندییەکانی نووسەر و رۆشنبیری کورد ئەپارێزێت، راڤە و تەئویلێک کە پێش لەدایکبوونی دەق لە دایکبووە و ئەزموونێکی زۆری هەیە، دەق کە وەک سەرەتایەک وەک خوێندنەوەیەکی یەکەمین دێت و خۆی نمایش دەکات، وەک رەخنە قاڵ نیە لە ئەزموون و مومارەسەکردنی پێوەرەکانی خۆی. چونکە دەق لە جیهانێکی تازەوە دێت، لە جیهانێکی نادیارەوە خۆی بەیان دەکات، هەرچی رەخنەیە لە دنیای حازر و دیارەوە بەرەو ئەو نادیارییەوە ئەڕوات، رەخنە چەک و جبەخانە حازرەکانی خۆی هەیە تا بیکاتە توێشووی سەفەرەکەی، بەڵام دەق ئەو چەکەی نیە، ئەو هاتووەو لێرەدا ماهییەتی خۆی بەیان

ئەکات. بەڵام رەخنە بە ئەزموونێکی زۆر و بە بەرژەوەندی دیارەوە دەست لە تێکست ئەدات، وەك میوانێکی غەریب ئەپیشکنێ و بەرژوەندیەکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە، لەهەمان کاتدا مەترسیەکانی سەر بەرژەوەندیەکانیش ئەدۆزێتەوە، ئیدی ئەگەر راڤە توانی بەرژەوەندیەکانی فەراهەم بکات ئەوە تێکستەکە شانسی ئەوەی هەیە بە پێوەرەکانی ئەو خوێندنەوەیە ببێتە تێکستێکی هەقیقی و ئیبداعی، ئەگەریش نا، ئەوە تێکست و نووسەری تێکست ئەبێت لەبەردەم ئەگەری هێرش و تاوانبارکردنی خۆیان حازرکردبێت.

لێرەدا نووسین بۆی هەیە بە گوێرەی پێوەرەکانی رەخنەی کوردی ببێتە تێکستێکی داهێنەر یان ریسواکەر. ئەوەی بریار ئەدات خودی تێکستەکە نیە، خودی رۆشنبیریەکەی تێکستەکە نیە، بەڵکو ئەو پێوەرەیە کە چەند توانیویەتی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەو تێکستەدا بدۆزێتەوە و خزمەتی خۆی پێبکات؟ بۆیەشە سەیر نیە کە لەسەردەمێکدا رۆشنبیری و سیاسەت و دین بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە تێکستێکدا نابیننەوە، ئەو تێکستە بە کوفر و خراپەکاری تاوانبار بکەن و لەسەر دەمێکی دیکەشدا کە بەرژەوەندیەکانی سیاسەت و دین و رۆشنبیری ئەگۆڕێن هەمان ئەو تێکستە پیرۆز بکەن و پروپاگەندە و ریکلامیشی بۆ بکەن.

ئەو رۆشنبیرانەی لەسەردەمێکی دیاریکراودا ئەبنە دەربڕی بەرژەوەندیەکانی ئەو کایەیە، لەوپەڕی دیارکردن و بەرزگراگرتنەوە رائەگیرێن، بە لەناوچوون یان دەربازبوونی بەرژەوەندیەکانیش خودی ئەونووسەرانە چ بەهایەکی ئەوتۆیان نامێنێت و بزر ئەبن.

بۆیەشە هەر سەردەمێکەو بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی نووسەر و رۆشنبیری خۆی دروس دەکات و ماوەیەك رۆشنبیری ئەومیللەتە بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن، دواتریش دوای گۆڕانی بارودۆخەکان و بەرژەوەندیەکان ئەو رۆشنبیرانە هیچیان بۆ نامێنێتەوە تەنیا کاغەزە زەرد و ئەو قسانەنەبێت کە رۆژێك لە رۆژان لە پێناو بەرژەوەندیەك نووسراون کە بەرژەوەندی فکر و نووسین نەبووە.

ئەمرۆکەش گۆڕەپانی راگەیاندن و رۆشنبیری کوردی کۆمەڵە ناوێکی پێشکەش کردووین، کە وەك ئەستێرە خۆیان بە درەوشاوەیی نیشان ئەدەن و رۆژانە لە تەلەفزیۆن و گۆڤار وبڵاوکراوەکاندا رۆڵی پاڵەوانی رۆشنبیری ئەگێڕن و ئەو بەهایانەی کە لە دەرەوەی نووسینەوە دێن ئەخەنە ناو نووسینەوە. ئەو پاڵەوانانە ئەمرۆ ئەتوانن باشتر لە هەموو سیاسیەك و دینییەك تەعبیر لە بەرژەوەندیە دینی و سیاسیەکان بکەن، وەك چۆن ئەشتوانن باشتر لەهەر رۆشنبیرێك بەهای نارۆشنبیری بە نووسین ببەخشن و نووسین بکەنە کردارێك پڕ لە دین و سیاسەت و خاڵی لە فکر و مەعریفە. نووسینێك تا پێی بکرێت کۆمەڵگە ئەکاتە ئەسیری سیاسەت و دین و عەشیرەتگەریی و بەناوی نوێخوازی و پاش نوێخوازی و راڤە و تەئویل و رەخنەی نوێوە، کۆمەڵگە لە بێئاگایی و بێ فکریدا بخەوێنێت،

بەکورتی ئەو سەرنووسەر و کادیر و بەرێوەبەرەکانی کەناڵە جۆربەجۆرەکانی راگەیاندن، ئەبنە پاڵەوانێك کە رۆژانە رێزیان لێبگیرێت و خەڵات بکرێن و دەمڕاستی فیستڤاڵ و کۆنفرانس و رووی رۆشنبیرییەك کە کاری ئەوەیە بێفکری لەناو رۆشنبیریدا بچێنێت.کاری ئەوەیە ببێتە سەلەفییەکی مۆدرن و بەگیانی کۆنەپەرستێکی سیاسی و دینی و خێڵەکی باس لە راڤە و مۆدەرنیزم و پۆستمۆدەرنیزم بکات.

بۆیە لەبەرامبەر ئەو رۆشنبیریە زاڵەدا پێویستییەك هەیە بۆ ئەوەی نووسین هەمیشە ببێتە سەخافەتێك بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لەو سەقافەتە، سەقافەتی حزب و دین و رۆشنبیری ئێستای زاڵی کوردی، پێویستییەك هەیە بۆ ئەوەی نووسین بکاتە سووکایەتی کردن بە بەهاکانی حزب و ئیسلام و رۆشنبیری کوردی ئەمرۆ.

نووسین ببێتە ململانێیەکی فکری لەگەڵ ئەو بەهایانەی رۆشنبیرانێك دەیچێنن کە لە روحی سەلەفی خۆیانەوە تاریکی دەڕوێنن. رۆشنبیرانێك کە تراژیدیایە ببنە سەرنووسەر و بەرپرسی دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و هزر.

بۆیە ئەو نووسینانەی ئەتوانن ئەورۆ بینە بەشێك لە ریسواکردنی ئەودەسەلاتە رۆشنبیرییە گەندەڵەی لە زۆربەی دەزگەکاندا هەیە، و بەتایبەتیش لە کردەی نووسیندا دەکرێت، پێویست ئەکات ئەوەندە خۆی سەخیف بکات تا ببێتە جیاوازییەك لەگەڵ ئەو جوانی و بەهایەی کە لەگەڵ هیچ کۆك نیە و تەنیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سیاسەت و دیندا ئاوێتەیە.

# رۆشەنبیر و نووسین:

ئەگەر کارێکی رۆشنبیر دروستکردنی هزر بێت، ئەوە نووسینی کوردی بە شێوەیەکی گشتی چ ئەوانەی لە ناو دەزگەکانی حزب و دیندا بەرهەم دێن، و چ ئەوانەی لەدەزگەکانی رۆشنبیریدا بەرهەم دێن، و چ ئەوانەی نووسەران وەك کەسێکی تاك وتەنیا بەرهەمی دێنن. زۆربەی زۆریان لەکەشێکی سیاسی و دینیدا بەرهەم دێن.

ناوەکانی ئەمرۆکەی گۆرەپانی رۆشنبیری کوردی، چ ئەوانەی جاران لە ناو دەزگەکانی راگەیاندنی بەعسدا کاریان کردووە و ئەمرۆکە لەناو حزبە کوردییەکاندا هەمان کار ئەکەنەوە، چ ئەوانەی لەناو هێزە ئیسلامییەکاندا و چ ئەوانەی لەناو پەرلەمان وحکومەتدا بە هەناسەی ئیسلامەوە نووسین بەرهەمدێنن. چ ئەوانەشی ماوەیەکی زۆر لە بەغدا مانەوە و تا رووخانی فاشیستەکانیش لەوێ بوون و دوای ئەوە روویان کردەوە کوردستان و چ ئەوانەی ئێستاش بەهۆی ئەو بۆشاییە رۆشنبیرییەی دروست بووە و لەو بۆشاییەدا و لە ئەنجامی ململانێی پارتی و یەکێتی زۆر لەو رۆشنبیرانە بوونەتە سەرۆکی هەندێ دەزگەی رۆشنبیری یان سەرنووسەر و جێگری سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی کۆمەڵە بلاوکراوەیەك، ئەوانە هەموویان ئەمرۆکە بەشێکن لە دەزگەیەکی گەورەی راگەیاندن کە بە لێشاو بلاوکراوە دەرئەکەن. ئەو کەسانە ئەگەر بە وردی لەسەر ناوەکانییان بوەستین و هەڵوەستە بکەین ئەوە رەنگە هەر یەکێك لەمانە بەدەیان لاپەرە و چەندین کتێبیان پێویست بێت کە لە سەریان بنووسرێت و ماهییەتی ئەو رۆشنبیرانە بە شێوەیەکی نزیك لە هەقیقەت بناسین. ئەمە جگە لەو رۆشنبیرانەی لە سالانی هەفتاکان و هەشتاکان و نۆهەتەکان و دوای ئەوەش کوردستانییان بەجێهێشت و لە ولاتێکی ئەوروپی گیرسانەوە و جارێکی دیکە گەرانەوە کوردستان و هەریەکەو بە شێوەیەك لە دەزگەیەکدا یان بلاوکراوەیەکدا دەورێك دەبینێت. ئەو کاراکتەرانەی رۆشنبیری کوردی کە کردەی نووسین دەکەن و هەر یەکەیان لە شوێنی تازەی خۆیەوە هزرێك بەرهەمدێنێت. بە شێوەیەکی گشتی هەموویان بەشدارن لەو کەشە رۆشنبیرییە تاریکەی دروست بووە، رەنگە رێژەی بەشداربوونەکە لە یەکێك بۆ یەکێکی دی جیاواز بێت بەلام هەر هەموویان بەشدارن.

پەیوەندی رۆشنبیری کورد و نووسینی کوردی، گەیشتۆتە ئاستێك کە ناتوانێت پەیوەندییەکی فکری بێت، ناتوانێت کاری ئەو پەیوەندیە بەرهەمهێنانی فکر بێت، فکرێك کە لە ژێر کاریگەریی سیاسەت و دین نەبێت بەمۆدیلێك ئیش نەکات کە نەگەرێتەوە سەر دین یان سیاسەت یان هەتا عەشیرەتگەریی.

هۆکارەکەشی ئەوەی دیارە ئەوەیە پەیوەندی دین و سیاسەت و پەیوەندی رۆشنبیر و سیاسەت و فکر و نووسین بەیەکەوە گرێدراون. رۆشنبیری کورد بە درێژایی ژیانی خۆی لە بن کۆنترۆلی سیاسەت بووە ، سیاسەتیش لەسەر مۆدیلی دینی کاری کردووە، نووسینیش لە ئەنجامی ئەو مۆدیلەوە فکری بەرهەمهێناوە، فکرێك کە نەیتوانیوە شەرەکانی دین و سیاسەت بکاتە شەری هزری. شەرێك کە نەچێتەوە ناو ئەخلاقی سیاسییانە یان دینییانە، شەری رۆشنبیران هەمیشە شەرێکی ئەخلاقگەرانە بووە، هەمیشە هێرشکردن و بەرگریکردن بووە، ململانێیەکی فکری نێوان دوو بالی ئەدەبی

جیاواز نەبووە بۆ نموونە، ململانە لەسەر بەها ستاتیکی و میتۆدەکان نەبووە بۆ نموونە. بەڵکو ململانێیەکان لەسەر جوانی و ناشیرینی یەکدی، راستی و هەڵەی یەکدی، باشی و خراپی یەکدی بووە، شەڕێك بووە لە پێناو هەیمەنەی کەسێك لەسەر کەسێکی دی، یان تاقمێك لەسەر تاقمێکی دی یان جەماعەتێك لەسەر جەماعەتێکی دی. واتە ململانێیەکە لە پێناو هەقیەتی نووسین و ئەدەب و رەخنە و جەوهەری فکر نەبووە، بەڵکو شەڕێك بووە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی یەکدی.ئەم جۆرە شەڕانە لە عورفی سیاسی و دینی و خێڵەکیدا شەڕی باو و ئاشکران، سیاسەت و دین دوو مۆدیلن کار لەسەر سڕینەوەی بەرامبەر و ئەویدی دەکەن، شەڕی رۆشنبیرانیش لە نووسیندا سڕینەوەی ئەویدیکەیە.

تەنانەت وایلێهاتووە هەموو کایەکانی کە نووسینی تێدا ئەکرێت لە فەلسەفە و ئەدەب و کلتووردا خودی ئەو کایەیانەش بە شێوەیەکی سیاسییانە و دینییانە کاریان لەسەر بکرێت، بۆ نموونە پرسێك کە فەلسەفییانە لەلایەن فەیلەسوفێکەوە تەرح کراوە، لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەبێتە سیاسەت، یان بە پیرۆز ئەکرێت و بەدوای پاڵەوانییەتی و قارەمانییەتی و هەڵوێست وەرگرتن بەمانا سیاسییەکەی ئەکرێت. نووسەری کورد وا ئەزانێ فەلسەفەش مەیدانی پاڵەوانییەتی و قارەمانییەتی نووسەرەکانە.بە شێوەیەك کە هەندێجار نووسین ئەبێتەکۆمیدیایەکی رەش و لە جەوهەردا نووسین ناتوانێت فکر پێشکەش بکات، ئەمەش رەشترین خاڵی نووسینی رۆشنبیری کوردییە، کە هەر چەندە بە لێشاو بەرهەمدێت، بەڵام دەگمەن فکر دروست دەکات.بۆیەشە زۆربەی نووسین وکتێب و بەرهەمەکان بێ کاریگەریی ئیجابی بەسەر خوێنەری کورددا رەت دەبن.

رۆشنبیری کورد ئەوەندە گووتاری سیاسی و دینی کاوێژکردۆتەوە،کە ئیتر خوێنەر ئەتوانێت لەگەڵ دێرە سەرەتاییەکانی بابەتەکەدا بزانێت ئەو فکرە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و بێتاقەتی بکات. بەرژەوەندییەکانی سیاسەت و دین زاڵن بەسەر بەرژەوەندییەکانی نووسین خۆیدا، رۆشنبیر کە لە نووسیندا لە کۆمەڵە بەرژەوەندییەکدا ئەگەڕێت و پەیوەندییان بە هزری رۆشنبیرییەوە نیە، ئیش لەسەر مەعریفە ناکات و بۆ هەیمەنەی هەقیقەتێك ئەگەڕێت کە بەرژەوەندییە سیاسییەکان و دینییەکان و هێزە سەلەفییەکان دروستیان کردووە، ناتوانێت ببێتە مەعریفە و رۆشنبیریش نابێتە ئەو کائینەی فکر بەرهەم بێنێت، رۆشنبیر هەقیقەتەکان ئەچێنێت، ئەدەب و هونەر بوونەتە کەرەستەیەك بۆ چاندنی هەقیقەت نەوەك مەعریفە و کرانەوە بەسەر کایەکاندا، بەرەواژی ئەوەی باس لەفەلسەفە دەکات بۆ کرانەوە بەڕووی پرسیارەکاندا نایکات ئەوەندەی خەریکی وەڵامدانەوە و چاندنی تۆی هەقیقەتە.کایەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئەوەندەی خەریکی چاندنی ئەو هەقیقەتانەن کە پرسیار ئەکوژن ئەوەندە پرسیار دروست ناکەن.



کۆمیدیایە نووسەرانی کورد لە رێی نووسینەوە ئەدەب بخەنە ناو فۆڕمی مۆدرن و پۆستمۆدێرن و کەچی هێشتانەکە ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە پێویستییەك هەیە لە نووسیندا بۆ تێگەیشتن لە خودی ئەو چەمکانە و هەڵگرتنی ئەخلاقێك کەتەعبیر لەو چەمکانە بکات، نووسەری وامان هەیە

**باس لە پۆستمۆدێرنێتە دەکات کەچی ناتوانێت تیٚ بگات پێش هەموو شتێك پۆستمۆدێرنێتە ئەخلاقی کەسێکی کراوەیە بە رووی مەعریفە و فکردا. کەسێکە ئەوەندەی رەخنەگرانە بیر دەکاتەوە ئەوەندە بیر لە رەخنە ناکاتەوە، ئەوەندەی ئەدیبانە بیر دەکاتەوە ئەوەندە بیر لە ئەدەب ناکاتەوە، ئەوەندەی جوان بیر دەکاتەوە ئەوەندە بیر لە جوانی ناکاتەوە. بیرکردنەوەی نووسەر پەیوەندی ئەو و نووسین دیاریدەکات، رۆشنبیری کورد کە ناتوانێت لە سیاسەت و دین دەربچێت چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت بیر بەرهەم بێنێت و رێزی خوێنەر و ژنەکەی و منداڵەکانی و فکر و فەلسەفە و داهێنان بگرێت.**

**بە کورتی تا ئێستا رۆشنبیری کورد ئەو کائینەیە، کە بە رێژەیەك لە رێژەکان نەیتوانیوە نووسین جوان بکات، نووسین بکاتە کایەی گەڕان بەدووی فکر و مەعریفەدا، ئەوەندەی نووسینی کردۆتە گەمەیەکی سیاسییانە و برەودان بە مۆدیلەکانی دینی و خێڵەکی و بەرژەوەندی ئەو تاکانەی ئاوێتەی بەرژەوەندییەکانی حزب و ئەو ئەخلاقە موهەیمەنە بووە کە رۆشنبیر خۆی دروستی کردووە.**

**نووسینی کوردی زیاتر لەو نەخۆشییە دەچێت، کە چۆن دەستی لێبدەیت دەتئێشێنیٚ. برینێکە هەر کەس خۆی بخاتە ناوی ناتوانێت هەست نەکات کە کەسێکی سەخیف و پڕوپووچە. نووسەر بیٚ ئەوەی دەستی لەهەڵبژاردنی نووسینەکانی بێت، بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەندیٚ هەقیقەت ئەچێنێت و مەعریفە فەرامۆش دەکات، هەموو تێکستێك جوانییەك ئەکوژێت و ناشیرینییەك سەروەر دەکات، هەموو نووسەرێك بەشدارە لە حەیابردنی مرۆڤ و دروستکردنی ئەخلاقێکی بەرژەوەند گەرانە.**

**ئەو نووسینەی منیش خوێنەری بەڕێز، پڕە لەو سەخافەتەی کە بەناوی هەقیقەتی رۆشنبیرانی کوردەوە بەتۆ دەگات. پڕە لەو ناشیرینییانەی هەموو نووسینێك تێدەکەوێت، پڕە لەو زەقنەبووتەی سیاسەت و دین و رۆشنبیری رژاندوویانەتە ناو کایەی نووسین.بە شێوەیەك کە هەر قەڵەممان هەڵگرت، دکتاتۆرێکی بچووك یان گەورە لەناوماندا خۆی قیت دەکاتەوە و هەقیقەتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، هەقیقەتێك کە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمانخاتە بەر ئاوێنەیەك ئەگەر بە جورئەتەوە تەماشای کەین ئەزانین ئێمەین نووسەران یان رۆشنبیران، لە نووسیندا وەك لە ژیانی دەرەوەی نووسینیشدا، سەخیفین؟!!**